www.kurdistannet.org
18-8-2003 18:17

# کورد چی لە دەستوری داهاتووی عێراق دەوێت ؟

سامی ستار – سەرنووسەری رۆژنامەی پارێزگاران

دیارە دوای رزگاربوونی عێراق لە چنگی دیکتاتۆرییەت ئێمەی کورد هیواو ئاواتەکانمان رووەو ئاسۆیەکی تر هەنگاوی هەڵگرتو بووە مایەی ئەوەی کەوا جارێکی تر ترسی دیکتاتۆرێکی دیکەو دووبارە ئەنفال کردنو کیمیاباران وکاولکردنی کوردستانو ئاوارەو سەدان دەردە سەری تر لە دەڵی هەموو تاکێکی ئەم میللەتە دوور بکەوێتەوە، بێگومان بە نەمانی دیکتاتۆریەت ئێمەی کورد دەتوانین لە عێراقی ئایندەدا چەندین دەستکەوتی هەرە گەورە بۆ خۆمان دەستەبەر بکەین.

دیارە بەشداربوونی کوردیش لە ئەنجومەنی حوکمی عێراقدا یەکێکە لەو دەستکەوتانەو ئێستا ئێمەش لە ناوەندی بڕیاردا بەشدارینو دەنگەکانیشمان دەنگی لاواز نین ئەگەر وەك پێویست بەکاربهێنرێنو چیتر برا بچووکی ئەمو ئەو قبوڵ نەکەین.

دیارە ئێستا گفتوگۆ لەمەڕ دارِشتنی دەستووری عێراق دەکرێو ئەم پرسەش هێندە هەڵدەگرێ کەوا ئێمەی کورد جارێکی تر تووشی هەڵەکانی رابردوو نەبینەوەو لەژێر سایەی دەستورو حوکمێکی تردا دووبارە دووچاری چەوسانەوە ببینەوە، بۆیە دەکرێ لە دەستوری داهاتوودا تا دەکرێ زۆرترین داوا رەواکانی کورد جێگیر بکرێن، لەسەروو هەمووشیانەوە مەسەلەی فیدرالیزم کە ئەمرۆ خواستێکی سەرەکی گەلەکەمانە.

بێگومان دەبێت ئەو داوایەی کورد لەسەروو هەموو داواکانی ترەوە بێت وە بەشێوەیەکی وەها هەوڵ بدرێت لە دەستوری داهاتوی عێراقدا بچەسپێت کە فیدراڵییەتێك بێت لەسەرجەم رووەکانەوە هەقی خۆی بدرێتی لەسەروو هەمووشیانەوە لە رووی جوگرافیەوە سنووری هەرێمی فیدراڵی کوردستان دیاری بکرێت دوای ئەوەی سەرجەم ناوچە تەعریبکراوەکانی سەردەمی رژێمی بەعسی لەناوچوو کێشەکانیان یەکلا دەکرێنەوە. هەروەها پێویستە ئەوەش لە دەستوری داهاتوودا جێگیر بکرێت کەوا هەرکاتێك بمانەوێت جیابوونەوەی خۆمان رابگەیەنین ئەوا مافێکی رەوای خۆمانەو ئێمەش بۆمان هەبێت وەك سەرجەم نەتەوەکانی تری دونیا خاوەن دەوڵەتو کیانێکی سەربەخۆی خۆمان بین.

دیارە ئەمرۆش ئەو داوایەی کورد لەوانەیە فەرامۆش نەکرێ چونکە کورد ئەمرۆ هاوپەیمانی گەورەترین وڵاتی زلهێزی دنیایە کە ئەویش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایەو زۆربەی ناوەندو مەڵبەندە بڕیار بەدەستەکانی دونیاش بە چاوێکی ترەوە سەیری کێشەی کورد دەکەنو وا پێدەچێت ئەمجارەیان دۆستانمان لەبەرامبەر دووبارە رەتکردنەوەی داواکانی کورد بێ دەنگ نەبن، کەواتە دەبێ ئێمەش ئەو هەلە مێژووییە وەك چەندین هەلی تری چارەنووسساز لەدەست نەدەینو خوێنی هەزاران شەهیدو خەباتی دەیانساڵەی گەلەکەمان لە پێناو ئازادیدا هەروا بە ئاسانی بەهەدەر نەدەین.

ئیدی ئەگەر ئەو داوایانەی کوردیش لە دەستوری عێراقدا بچەسپێنو پەرلەمانی داهاتووی عێراقیش بڕیاری لەسەر بدات ئەوا لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستانی فیدراڵدا دەتوانین ئازادانە کار بۆ کۆمەڵێك خەونی تری گەلەکەمان بکەین کە هێشتا هەروا ماونەتەوە لە سەروو هەمووشیانەوە خەونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.